**بۆ نەوشیروان مستەفاو تاڵەبانی کۆمەڵەیان حەلکرد؟.**
**کێشەی بارزانی و باڵی مەکتەبی سیاسی چی بوو؟..**
**عارف کەریم وەڵام دەداتەوە**
بەروار27/12/2017 :

**عارف کەریم لە کادری سەرەتاکانی کۆمەڵە:**
**تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا لەوە ترساون کە رۆژێک لەرۆژان نەتوانن کۆمەڵە کۆنترۆڵ بکەن بۆیە حەلیانکرد**
**لوتبەرزییەی باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی نەک هەر هۆکاری جیابونەوەکە بوو، خەڵکی توشی ناکۆکی و کێشەو دووبەرەکی کرد**
**مەکتەبی سیاسی لەحاڵەتێکی نیمچە غرودابوو لەبەرانبەر مەلا مستەفا، وا تێگەشتبوون ئەتوانن مەلا مستەفا بارزانی گۆشەگیر بکەن بەڵام بۆیان نەچووە سەرو ئەو بیرکردنەوەیان لەمەساڵحی کورد نەبوو**
**کۆمەڵە هیچ کاتێک دوژمنایەتی پارتی و بارزانی نەکردووە، بڕوای بەوەش هەبوو هاوپەیمانی لەگەڵ پارتیدا بکات**
**لە ئەنجامدا دەرکەوت برادەرانی کۆمەڵە هەمان حزبی باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی بوون**
**هەموو سەرکردەکانی کۆمەڵە، بە دامەزرێنەرەکانیشیانەوە، هەموو موعجیب بوون بەشەخسی تاڵەبانی**
**سەرکردەکانی یەکێتی دەستیان بەسەر کۆمەڵەدا گرت و لەدواجاردا کۆمەڵەیان بەچەقەنەیەک حەلکرد**
**ئەگەر برادەرانی کۆمەڵە شەخسی بەهێز بوونایە تەسلیم بە پیلانی یەکێتی نەئەبوون**
**نەوشیروان مستەفا نە لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەبوو نە لە کادرە سەرەتاییەکانی**
**کاک نەوشیروان لەژێرکاریگەری شەخسی مام جەلالدا بووە معادەلەی حەلکردنی کۆمەڵە لێرەوە دەستیپێکرد**
**باڵی مەکتەبی سیاسی لەلایەن کادیرەکانیەوە راپۆرتی بۆ ئەهات کە میللەت و جەماوەر هەموو لەگەڵ حزبەو دژی مەلامستەفان بەڵام راپۆرتەکانی ئەوان ناواقیعی بوون**

**رزگار رەزا چوچانی . سوید**

**نوچەنێت گۆڤاری سڤیل**

عارف کەریم، یەکێک لەکادرە سەرەتاییەکانی کۆمەڵەبووە، پێشتر لەیەکێتی قوتابیانی پارتی کاریکرد، لەم دیمانەیەی لەگەڵ گۆڤاری سڤیل باسی کێشەکانی باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی و باڵی مەلا مەستەفا بارزانی دەکات، هۆکارەکان بۆ ناواقیعی باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی ئەگێڕێتەوە، لە حەلکردنی کۆمەڵەو مێژووی کۆمەڵە ئەدوێت، پێی وایە نەوشیروان مستەفاو تاڵەبانی ترسی ئەوەیان هەبووە کۆمەڵە لەکۆنترۆڵیان دەربچێت بۆیە حەلیانکرد.

**رزگار رەزا چوچانی: با سەرەتا لەخۆتەوە دەستپێبکەین چۆن لەگەڵ کۆمەڵە دەستت بەکار کرد؟ چۆن کارتان دەکرد؟**

عارف کەریم : مێژووی کارکردنم لەگەڵ کۆمەڵەی مارکسی لینینی، ئەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ساڵی ۹۷۰ من پەیوەندیم نەکردووە بە کۆمەڵەوە، بەڵکو پەیوەندیان پێوەکردووم، بۆ ئەوەی بچمە ریزی کۆمەڵەوە، کاک فەرەیدوون عەبدولقادر پەیوەندی پێوەکردم، هەنگاوی دوای ئەو پەیوەندیەش کارکردنم بوو لەگەڵ کۆمەڵە، دوو کەسی یەکەم کە ناسیمن شەهید شەهاب و کاک ئاوات عەبدولغەفوور بوو، سەرەتای دروستکردنی کۆمەڵە بە پەیوەندی بە کەسانی ناسراوەوە دەستی پێکرد، تا لەدەوری کۆمەڵە کۆببنەوە، دواتر دەستکرا بە دروستکردنی ئەڵقەکانی رۆشنبیری، کۆمەڵەش بۆخۆی رێکخستنێکی نهێنی بوو، رێکخراوێکی ئاشکراو راگەیەنراو نەبوو.

**رزگار رەزا چوچانی: کۆمەڵە سەرەتا رێکخستنێکی نهێنی بوو، کام قۆناغ و کام ساڵ سەردەمی گەشەسەندنی کۆمەڵە بوو؟**

عارف کەریم : ئەتوانین بڵێین ساڵەکانی ۹۷۰عارف کەریم : ۹۷۵سەرەتای کارکردن و رێکخستن بوو، کۆمەڵە نەبووبووە هێزێکی دیاری جەماوەری، کۆمەڵە خۆی هەڵگرتبوو بۆ ئەوەی پەیوەندی بکات بە گەورەترین ژمارەی خەڵکی کوردستانەوە، تا ببێتە هێزێکی گەورە لە کوردستاندا، یانی ئەیویست بەرگەی شەقی زەمانە بگرێت، ئەوکات خۆی رابگەیەنێت، بۆیە کارەکان هەموو بەنهێنی دەکران و بریتی بوو لەچالاکی لە ناو

ئەڵقەکانی رۆشنبیریدا، کە کاریان تیشکخستنە سەر دۆخی ئەوکاتی کوردستان و هۆشیارکردنەوەی خەڵک بوو بۆ خەبات و بۆ ئامانجێکی روون.

**رزگار رەزا چوچانی: سەرەتای دروست بوونی کۆمەڵە هاو کاتە، لەگەڵ حەلکردنی باڵی مەکتەبی سیاسی لەناو پارتیدا، پارتیش هێزێکی دیار بوو، سەرکەوتنێکی باشی بۆ کورد بەدەستهێنابوو، جیاوازی ئێوە لەگەڵ پارتی لەچیدابوو کە نەتانتوانی کار بکەن، لەناو پارتیدا؟.**

عارف کەریم : کۆمەڵەی مارکسی لینینی، لە کەسانێک پێکهاتبوو بوو کە لە هەناوی حزبەکان یان رێکخراوەکانی ترەوە هاتبوون، نوخبەیەکی رۆشنبیری دیار بوون، ئەتوانم بڵێم جیاوازییەکە ئەوەبوو، کە پارتی حزبێکی بۆرجوازی بوو تاکە زلهێزی ساحەی ئەو سەردەمە بوو، بەتایبەت لەدوای بەیانی ١١ی ئادار، پارتی بووە تاک هێز لەکوردستاندا، ئەشیویست خۆی ئیحیکاری ساحەکە بکات، هەموو شتەکان بۆخۆی بێت، واتە پارتی حزبێکی دەسەڵاتدار بوو لەگەڵ حکومەتدا بوو، بەڵام کۆمەڵە رێکخراوێکی مارکسی لینینی بوو، رێکخراوێکی چەپ بوو، بەنهێنی کار دەکرد و لەگەڵ پارتیدا ئاسمان و رێسمان بوو.

**رزگار رەزا چوچانی: ئەوکات کە کۆمەڵە دروست بوو، زۆربەی جموجوڵ و چالاکی سیاسی و رێکخراوەیی لەخزمەتی بیری چەپدا بوون، کەسانێکیش هەبوون لەناو پارتی ئەوەیان دەویست پارتی حزبێکی چەپ بێت، کۆمەڵەش لەو بەرەیەدا خۆی راگەیاند، ئایا ئەوە تەنها چاولێکەری نەبوو، ئەوەنەی رەچاوکردنی واقیعی مەنتیقەکەبێت؟.**

عارف کەریم : بەو شێوەیەش نییە، کۆمەڵە کاتێک دروست بوو، پەیرەوی مارکسیزم لێنینیزم بیروباوەڕی ماوتسی تۆنگی دەکرد ، لەخۆشیەوە دروست نەبوو، بەڵکو بنەمایەکی پێشینەیی هەبوو، وەک ئەوەی بەرلە دروست بوونی، خەڵکانێک هەبوون مارکسیزم لێنینیزم ئەفکاری ماویان ئەخوێندەوە، خەڵکانێک هەبوون دیدی چەپیان بەلاوە پەسەند بوو و کاریان بۆ ئەو بڕوایە ئەکرد، بەتایبەت لە رێکخراوەکانی سەربە باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی، تەنانەت لەناو پارتیش خەڵکانێک هەبوون کە چەپ بوون و حەزیان ئەکرد لەڕێکخراوێکی چەپدا خۆیان ببیننەوە، ئەوە بروا بوو، بەو شێوەیە نەبوو لاسایی

بکەنەوە، کۆمەڵە ڕێکخراوێکی نهێنی بوو، ئەوە نەبوو بڵێی لاسایی خەڵک یان لایەکی سیاسی ئەکاتەوە، بەپێچەوانەوە کاری ئەکرد بۆ ئەوەی خەڵک لەدەوری ئەو بیروباوەڕەکۆبکاتەوەو ببێتە ڕێکخراوێکی بەهێز و جەماوەری و ڕۆژێک لەرۆژان خۆی ئاشکرابکات لەساحەی کوردستاندا.

**رزگار رەزا چوچانی: وەک دەڵێن کۆمەڵە زۆر خیلافی لەگەڵ بیروباوەڕی پارتی هەبووە، بەڵام دوای ئەوەی نێوانی کورد و عێراق تێک دەچێتەوە، کۆمەڵە لەسەنگەری پارتی دا خۆی بینیەوە بەرانبەر بەعس واتە ساڵی 1974؟.**

عارف کەریم : کۆمەڵە بەهەموو شێوەیەک پشتگیری لەشۆڕشی کورد دەکرد، نەک حزبێک، کۆمەڵە هیچ کاتێک دوژمنایەتی نە پارتی و نە بارزانی نەکردووە، لەدانیشتنەکانیا لە بیروبۆچونەکانیا، لە ئەدەبیاتی خۆیا، بەهیچ شێوەیەک پارتی بە دژ ناو نەبردووەو وەک لایەنی ناکۆکی سەرەکی لەپارتی نەروانیووە ، بڕوای بەوەش هەبوو هاوپەیمانی لەگەڵ پارتیدا بکات و شان بەشانی ئەو لەدژی بەعس خەبات بکات، بەڵام کۆمەڵە هەمیشە بڕوای بە خەباتێکی چەپڕەوانە هەبوو، بڕوای بەوەش هەبوو خەبات بۆ کۆکردنەوەی خەڵک بکات لەدەروی ڕێکخراوەکەی ، یانی کاتێک بڕوای بەهاوپەیمانی هەبوو لەگەڵ پارتی ، ململانێشی لەگەڵدا ئەکرد (لەسیاسەتدا پێی دەڵێن "وەحدەو سیراع).

**رزگار رەزا چوچانی: ئەگەر کۆمەڵە ڕێکخراوێکی نهێنی بووە، چۆن بڕوای بەهاوپەیمانی هەبووە لەگەڵ پارتی، بەچی هاوپەیمانی ئەکرد؟، یان کاتێک خەڵکی کۆدەکردەوە لەدەوری خۆی، کاتێک خۆی نهێنی بووە، لەکام چوارچێوەدا ئاراستەی ڕووبەڕوو بونەوەی بەعسی کردوون؟.**

عارف کەریم : کۆمەڵە ڕاستە ڕێکخراوێکی نهێنی بوو لە سەرەتا، بەڵام بەو ئاراستە کاری دەکرد، کە لەئایندەیدا ببێتە حزب، حزبیش یانی دەسەڵاتی سیاسی، هەرێکخراو و هەر حزبێک کەکار دەکات، مەبەستی گرتنە دەستی دەسەڵاتە، بۆ کات بەسەر بردن و تەپوتۆزکردن نییە لەدەوری خەڵک و نەزانێ بەرەو کوێ دەڕوات، بێگومان کۆمەڵەش ڕێباز و دروشمی خۆی هەبوو، بۆ ئەو شتانەش خەباتی دەکرد کە بڕوای پێی هەبوو.

**رزگار رەزا چوچانی: کۆمەڵە تاچەند لەژێرکاریگەری و هاندانی باڵی مەکتەبی سیاسی پارتیدا بوو؟.**

عارف کەریم : نە باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی و نەپارتیش شتێکی ئەوتۆیان لەسەر کۆمەڵە نە ئەزانی، تا کاریگەریان بەسەریەوە هەبێ، وەکو عەناسر خەڵک هەبووە ئاگایی هەبێت، بەڵام وەکو حزب هیچ لایەکیان ئاگادار نەبوون و کۆمەڵە کاری نهێنی ئەکرد، راستە وەکو هەست، پارتی هەستی ئەکرد شتێک هەیە، بەڵام ئاگاداری قەوارەی نەبووە کە چەندە، کێن ئەو کەسانە، چۆن کار دەکەن و چی دەکەن، بەنسبەت باڵی مەکتەبی سیاسی وەکو شەخس هەبوون هاتونەتە ناو کۆمەڵە، بەڵام وەک شەخسی خۆیان، نەک حزب.

**رزگار رەزا چوچانی: لەسەرەتاوە کۆمەڵە ڕووبەڕووی حەملەی دەستگیرکردن بووەوە، تۆش یەکێک بووی لەوانەی هەڵهاتی، ئەگەر ئەوەندە نهێنی بوون، هۆکاری ئاشکرا بوونەکە چی بوو؟.**

عارف کەریم : ئەوە کاتی نسکۆی شۆڕش بوو، ئەوکات بەعس هەندێ زانیاری دەستکەوتبوو، هەندێ نامەش لەدەرەوەی وڵاتەوە هاتبوو دەستی حکومەت کەوتبوو، لەنامەکانیشدا ناوی تیا بووە، دیارە حکومەتیش ورد ورد چاودێری ئەو ناوانەی کردووەو دوای ئەوە حەملەیەکی گەورەی دەستگیرکردن دەستی پێکرد، کە ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی کۆمەڵە بەر ئەو حەملەیە کەوتن، دواتریش ئەو کادرو سەرکردانەی دەستگیرکرد و لەسێدارەی دان کە ئێران تەسلیمی عێراقی کردنەوە، ئەوە زیانێکی گەورە بوو، بەڵام بۆ نەهێشتنی کاری کۆمەڵە سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست نەهێنا، لە سێدارەدانی ئەو هەڤاڵانەش زیاتر بۆ چاوترساندنی خەڵک بوو لە کوردستان، چونکە لەوکاتەدا شۆڕشی کورد توشی هەرەس ببوو، پێشمەرگە لەسەر قاچی خۆی نە ئەوەستا، خەڵک بەلێشاو ئەهاتەوە خۆی ئەدا بەدەستەوە، کۆمەڵەش ڕووبەڕووی خەباتێکی سەخت بووەوە، ناوی من و حەمەسەعی براشم دیارە دەستی حکومەت کەوتبوو، لەیەک رۆژدا فەرمانی گرتنمان بۆ دەرچوو، من بەختم هەبوو کە پاسپۆرتێکم هەبوو ، توانیم خۆم

بگەیەنمە سوریا، لەوێش پەیوەندیم کرد بە یەکێتی یەوە، براکەشم  دوای زیاتر لەساڵێک لەخۆشاردنەوە، توانی بچێتە شاخ و پەیوەندی بەبرادەرانەوە بکات، بێگومان منیش ناوم هەبوو، ئەوە نەبوو حکومەت لەخۆوە بێت من بگرێت، من بەڕەسمی لای برادەرانمەوە لەکۆمەڵە ئاگادار کرام، وتیان ناوت هەیەو نۆبە هاتۆتە سەر تۆ بتگرن، ئەم ئاشکرابونانەش پەیوەندی بە تۆکمەی و نا تۆکمەیی کاری نهێنی کۆمەڵەوە نەبوو، لەهەموو ڕێکخراوێکی نهێنی چالاکدا، ئەو جۆرە ئاشکرا بوونانە روو ئەدا.

**رزگار رەزا چوچانی: تۆ یەکێک لە کادرە سەرەتاییەکانی کۆمەڵە بوویت، لەساڵی 1975 یشەوە لەسوریا پەیوەندیت بەیەکێتییەوە کردووە، تا ئێستا ئەو دەنگۆیە یەکلا نەبۆتەوە، کە گوایە یەکێک لە ئامانجەکانی دروستکردنی یەکێتی حەلکردنی کۆمەڵە بووە، تۆ زانیاریت چییە لەوە بارەوە تاچەند بەراستی دەزانیت؟.**

عارف کەریم :  من زانیاریم نییە کە نەخشەو پلانێکی ئامادەکراوی لەو شێوەیە هەبووبێ لەلایەن سەرکردایەتی یەکێتی یەوە، بەڵام هەستم ئەکرد کە ئەوان ڕێکخراوێکی چەپی مارکسییان ناوێت، رەنگە ویستبێتیان بەو شێوەیەی کە خۆیان ئەیانویست کۆمەڵە هەبێ، وەک ئەوەی کە لەشاخ کردیان.

**رزگار رەزا چوچانی: ئەی کە یەکێتی کۆمەڵەی وەکو خۆی نە ئەویست، چۆن بوو کادرانی کۆمەڵە رازیبوون چوونە ناو یەکێتی؟.**

عارف کەریم :  دیارە خەلەل لە بیروباوەڕیان هەبوو، چونکە ئەگەر شەخسی بەهێز بوونایە بڕوایان بە بیروباوەڕی خۆیان هەبوایە، تەسلیم بەو پیلانانە نەئەبوون، کە یەکێتی چۆنی بویت بە چەقەنەیەک وایان لێبکات، دیارە برادەرانی کۆمەڵە موعجیب بوون بە یەکێتی و سەرکردەکانی، بۆیە ئەوان چۆنیان ویستبێت ئەمانیش وایان بۆکردوون، باشترین بەڵگەش ئەوەیە، کە سەرکردەکانی یەکێتی دەستیان بەسەر کۆمەڵەدا گرت و ئەو عەناسیرانەیان تیا چاند کە خۆیان ئەیانویست، لەو ڕێگایەوەش لەدواجاردا کۆمەڵەیان بەچەقەنەیەک حەلکرد و کەسیش نەیتوانی هیچ بڵێت.

**رزگار رەزا چوچانی: کۆمەڵە ئەوەندە ئاسان بوو کە بەیەک چەقەنە حەل بکرێت لەناو یەکێتی دا، ئەوە تاچەند پێچەوانەی ئەو قسانە بووە کە ئێوە وەکو کادر و سەرکردەی کۆمەڵە، خەڵکتان پێتەیار ئەکرد و باسی خۆڕاگریتان بۆ ئەکردن؟.**

عارف کەریم : ئەمە پەیوەندی بە پێچەوانەوە نییە، شۆڕشی نوێ لە ساڵی ٧٦ هەموو قورساییەکەی کەوتە سەر ئەو ئەو کۆمەڵە بەدبەختەی کە تۆ باسی ئەکەی، لەسلێمانی گردێک هەیە بەناوی گردی شەهیدان، هەمووی شەهیدانی کۆمەڵەن، ئەمەش ئەوە پیشان ئەدات کە خەباتێکی بێوچان و مەبدەئی و جدیانکردووە، کەشۆڕش دەستپێکردۆتەوە لەکوردستاندا، ئەوان بڕبڕەی پشتی شۆڕشەکە بوون، بۆیە هەڵەیە بڵێی ئەوان بەپێچەوانەی بیروباوەڕی خۆیانەوە کاریانکردووە، ئەوان خەڵکی عەقائیدی بوون، بەڵام کاتێک سەرکردایەتی ئەم کۆمەڵەیە ئەکەوێتە ژێر کاریگەری سەرکردەیەک و دوانی تر، ئەوانیش وەکو سەرکردە قسە بۆ خەڵک و شوێنکەوتوانی کۆمەڵە ئەکەن، لەبارەی دۆخ و زەرورەتی خەبات و کاری هاوبەش و ئەو لایەنانە قسە ئەکەن، توانیویانە قەناعەت بەزۆریان بکەن، ئەوەش وایکرد کۆمەڵە بەو شێوەیە کۆتای بێنێ کە کۆتایی هات.

**رزگار رەزا چوچانی: بەڵام تۆش یەکێکی لە کادرە سەرەتاییەکانی کۆمەڵە و پێش هاوڕێکانت پەیوەندیت کرد بە یەکێتی یەوە، خۆ ئێوەش لە موعجیبەکان نەبوون، بۆچی؟.**

عارف کەریم : من ساڵی ٢٠١١ کتێبێکم بڵاوکردەوە، بەناوی "کۆمەڵەو یەکێتی، کورتە باسێکی مێژوویی"، راستیەکانم لەوکتێبەدا باسکردووە، باسی هەڵوێستی خۆمم بەروونی کردووە کە چۆن بووە و چۆن نەبووە، لە وتارەکانیشم کە نوسیومن باسم کردووە، من هەر لەسەرەتاوە بڕوام بە جەلالی و مەلایی نەبووە، شتی شەخسیم بەرانبەر هیچکام لە مام جەلال، یان کاک مەسعود نییە وەکو شەخس، بەڵکو مەسەلەکە بڕوای سیاسییە،قەناعەتی سیاسییە، مەسەلەکە عەقڵییەتی سیاسییە، رەنگە من نەگونجابم لەگەڵ بیروڕاو فەلسەفەی ئەوان، بەڵام لەساڵی ٩٧٥ کە فەرمانی گرتنم بۆ دەرچوو، هیچ جێگاو رێگایەکم نەبوو، کۆمەڵەکەی ئێمەش کۆمەڵەیەکی هەژار بوو، نەژێر زەمین و نە چەک و نەپارەی نەبوو، نەکەسیش ئەیتوانی بەخێومان بکات، کۆمەڵە هەر ئەوەنە توانای هەبوو

خەڵکی خۆی ئاگادار ئەکرد، ئاگاداربە فەرمانی گرتنت هەیە و خۆت نەدەی بەدەستەوە، بۆیە ناچاربووم و لە سوریا چوومە ناو یەکێتی، نەک وەک هەڵبژاردنی بیروبڕوا.

**رزگار رەزا چوچانی: وتت بڕوام بە جەلالی و مەلایی نەبووە؟.**

**عارف کەریم : هەتا سەر ئێسقان، بەڵێ بڕوام پێی نەبووە.**

**رزگار رەزا چوچانی: بەڵام تۆ لەناو یەکێتی قوتابیانی پارتیدا کارت کردووە، کاتێک باڵی مەکتەبی سیاسی جیا دەبێتەوە کە بەجەلالی ناسێنران، لەگەڵ ئەوان جیابویتەوە، ئەمە بڕوابوون نییە؟ ئەگەر نییە بۆچی لەگەڵ ئەوان جیابویتەوە؟.**

**عارف کەریم :** جارێ با من شتێکت بۆ راستبکەمەوە، یەکێتیەک نەبوو بەناوی یەکێتی قوتابیانی پارتی ، من بەشبەحاڵی خۆم ئەندامی یەکێتی قوتابیان بووم، تا کاتی ئینشیقاقی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە زانکۆش لەساڵی 1964دا دیسان خۆم بەرپرسی رێکخستنەکانی یەکێتی قوتابیان بووم، ئەو کات یەک یەکێتی قوتابیان هەبوو هی پارتی نەبوو، بەڵام ئەم یەکێتی قوتابیانە هاوکاری لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان دەکرد، کە یەک پارتی هەبوو، یەک قیادەی هەبوو، باڵی جەلالی و مەلایی نەبوو، بەڵام لەساڵی ٦٤ پاش ئەوەی بارزانی لەگەڵ حکومەتی عێراق رێکئەکەوێت، ئەوکات باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی لە مەلا مستەفا جیا ئەبێتەوە، ئەویش بۆخۆی سەرکردایەتیەکی تازەی دروستکرد، ئیتر ململانێ دەستی پێکردوو، بووە جەلالی و مەلایی، وەکو ئیستای حکومەتی هەرێم هەمووشتێک بووە دووکەرتەوە، وەک ئەم دواییەی لای خۆمان چۆن هەموو ئیدارەکان، هەولێرو سلێمانی، رێکخراوی قوتابیان، مامۆستایان، نوسەران، ژنان، ......تاد ، حکومەت، هەموو شت بووە دوو لەت، ئەوکاتیش هەمانشتی لێهات، بۆیە دوای ئەو کێشەیە ئەتوانی بڵێی (یەکێتی قوتابیانی سەربە پارتی)، کە بووە دووبەش، منیش لەگەڵ بەشی باڵی مەکتەبی سیاسی بووم، بەڵێ ئەوکات من تاسەر ئێسقان جەلالی بووم، یەکێک بووم لەجەلالییە سەرسەختەکان ورگی خۆمم لەسەر هەڵئەدڕی، بۆیە کە ئەڵێم بڕوام بەجەلالی و مەلایی نییە، مەبەستم ئەم دواییەیە نەک ئەو مێژووەی تۆ بۆی ئەگەڕێتەوە، ئەو مێژووەی تۆ باسی ئەکەی بەڵێ جەلالی بووم.

**رزگار ڕەزا چوچانی: وتت کۆمەڵە تەنزیمێکی نهێنی و بێ دەسەڵات بوو، ئەی ئەو زانیاریانەی لەکوێ دەست ئەکەوت کە بەرلەوەی کادرەکانی دەستگیربکرێن، ئەو ئاگاداری دەکردن فەرمانی گرتنیان هەیە، وەک ئەوەی تۆیان ئاگادار کرد، ئەمە بۆنی ئەوەی لێنایە، کە کۆمەڵە پەیوەندی بە دەزگاکانی حکومەتەوە هەبووە؟.**

**عارف کەریم : پرسیارێکی چاکە، منیش وەڵامت ئەدەمەوە، کۆمەڵە هەندێ دۆستی هەبوو لەناو دادگا، دادوەرەکان هەندێکیان دۆستی کۆمەڵە بوون، بڕیارەکانی ئەمن و پۆلیس بەرلەوەی تەنفیز بکرێت، ئەچووە بەردەمی دادوەر، بەهۆی ئەو کەناڵی پەیوەندییەوە زانیارییەکان دەستی کۆمەڵە ئەکەوت نەک ئەو گومانەی باسی ئەکەیت.**

**رزگار ڕەزا چوچانی: کامانەن ئەو سەرکردانەی کۆمەڵە، موعجیبی سەرکردایەتی یەکێتی بوون؟.**

**عارف کەریم : هەموو سەرکردەکانی کۆمەڵە، بە دامەزرێنەرەکانیشیانەوە، هەموو موعجیب بوون بەشەخسی تاڵەبانی.**

**رزگار ڕەزا چوچانی: لەجێیەک وتت کۆمەڵە بەهەموو شێوەیەک پشتیوانی لە شۆڕشی کورد دەکرد، بەڵام لەناو کۆمەڵەدا بروایەک هەبوو کەکاریان بۆ بەعێراقی بوون ئەکرد، ئەوە کێشەی گروپبەندی بوو یان خیلافی فکری؟.**

**عارف کەریم : زیاتر مەسەلە فکر بوو، ئەو حەکایەتە لەسەرەتای دامەزراندنی کۆمەڵەدا دەستی پێکرد، کە دەکاتە ساڵانی ٧٠ و ٧١ و ٧٢، ئەو دوو سێ ساڵەی یەکەم بوو، هەندێ برادەر هەبوون ئەفکاری مارکسی لینینیان هەبوو، ئەیانویست کۆمەڵە بەرەو قیادە مەرکەزی حزبی شیوعی عێراقی بەرن، کۆمەڵەش رازی نەبوو کەلەگەڵ ئەوان بێت، کۆمەڵە خۆی کۆمەڵەیەکی کوردستانی بوو بڕوای بە خەباتی کوردستانی هەبوو، بۆیە ئەو بڕوایەی پێقبوڵ نەبوو، من بەشبەحاڵی خۆم ئەگەر بمزانیایە کۆمەڵە کۆمەڵەیەکە عێراقچێتی دەکات، لەوانەبوو من کاری تیانەکەم، هەتا لەسەرەتاش کەدەستم بە کار کرد لەگەڵ کۆمەڵە، بەبرادەرانم وت، ئایا ئەم کۆمەڵەیە درێژەدان نابێ بە پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان، باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی، ئەوان ڕەتیانکردەوە و وتیان نەخێر**

خەڵکی دەرەوەی ئەوانیشمان لەگەڵە خەڵکی سەربەپارتی . سەربە شیوعی، سەربە کاژیک، خەڵکی سەر بەو لایانەنای تیایە، ڕێکخراوێکی تازەیە و هی هەمووانەو هەموو بۆی هەیە کاری تیا بکات، بگەڕێمەوە سەر وەڵامی پرسیارەکە، ئێمە کۆمەڵەیەکی کوردستانی بووین و خەباتی کوردستانیمان دەکرد، هەندێ برادەر بوون، وەک بەڕەحمەت بێت فازیلی مەلا مەحمود، کاک فوئاد قەرەداغی، کاک ئەشرەف تاڵەبانی و کۆمەڵێک برادەران لەوانە بوون کە ئەیانویست، مشتومڕی ئەوە بکەن و کۆمەڵە بەرەو حزبی شیوعی عێراقی بەرن، بەڵام ئێمە تەسلیمیان نەبووین و هەمیشە لەمشتومڕو ململانێدا بووین لەگاڵیاندا، بۆیە ئەنجام ئەوان چونە دەرەوە لەکۆمەڵەو وازیانهێنا.

رزگار رەزا چوچانی: تۆ لەسەرکردەکانی کۆمەڵەت پرسیوە ئەمە هەمان حزبی باڵی مەکتەبی سیاسی نییە؟، ئەوان رەتیان کردۆتەوە، بەڵام ئەنجام هەموویان چونەوە ناو یەکێتی، ئەمە سەلمێنەری گومانی سەرەتای تۆ نەبوو، کە بە کۆمەڵەت بە درێژەپێدەری حزبەکەی باڵی مەکتەبی سیاسی زانیووە؟.

عارف کەریم : من ئەو مناقەشەیەم لەگەڵ شەهید شەهاب کرد ، بەڕەحمەت بێ ، ئەو وەڵامی منی دایەوە، کە نەخێر شتی وەها نییە، ئەمە کۆمەڵەیەکە خەڵکانی سەر بە حزبەکانی تریشی تێدایە، ئەوانەی کە بڕوایان بەڕێبازو ئەفکار و شیعارەکانی هەیە کاری تیا ئەکەن، من ساڵی ٧٥ چوومە شام، لەکوردستان نەبووم، و تەقریبەن هەندێ لەکاری سیاسی دوورکەوتمەوە، بەداخەوە ئەنجام هەمان ئەو گومانەی من بوو، کە ئەوبرادەرانە هەمان حزبی باڵی مەکتەبی سیاسی بوون، هەرواش دەرچوو، خۆ ئەگەر واش نەبوایە، بێگومان رۆژی ئێمە بە ئەمرۆژە نەئەگەشت.

رزگار رەزا چوچانی: کاری نەوشیروان مستەفا لەسەرەتادا چی بوو لەکۆمەڵە؟

عارف کەریم : کاک نەوشیروان پەیوەندی بە دروستکردنی کۆمەڵەوە نەبووە، بەڵام پێش ئەوەی کاک نەوشیروان بچێتە دەرەوەی وڵات، بە فەرمی پەیوەندی پێوەکرا لەسلێمانی، کەسێک هەبوو ئەچووە ماڵەوە بۆ لای و ئاڵوگۆڕی بیروڕای ئەکرد لەگەڵیداو شتەکانی

کۆمەڵەی پێشان دەدا، لەشتە تازەکان ئاگاداری ئەکرد، ڕاستە ئاگاداربوو لە دروستکردنی کۆمەڵە، بەڵام نە لە دامەزرێنەران بوو نە لە کادرە سەرەتاییەکان.

**رزگار رەزا چوچانی: ئەگەر یەکێک نەبوو لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە، چۆن دواتر توانی باڵبەسەر کۆمەڵەدا بکێشێت؟.**

عارف کەریم : کاتێک کە یەکێتی دامەزرا مام جەلال پەیوەندی بەکاک نەوشیروانەوە کردووەو کردی بە یەکێک لەدەستەی دامەزرێنەر، کاتێکیش گەڕایەوە کوردستان، بەو سیفەتەی کەسێکی ڕۆشنبیرو گەنج و قەڵەم بەدەست و خاوەن رابردوویەک بوو لەناو شۆڕشی کورد، مام جەلال داوای کرد کاروبارەکانی کۆمەڵە بگرێتە ئەستۆ و بووە سکرتێری کۆمەڵە.

**رزگار رەزا چوچانی: ئەی ئەگەر کۆمەڵە هەر لەسەرەتاوە لەژێر کۆنترۆڵی تاڵەبانیدا نەبووە، چۆن دەکرێت ئەو بڕیار بدات کێ کاروبارەکانی هەڵدەسوڕێنێت؟.**

عارف کەریم : لەشوێنێکی تردا من وەڵامم دایتەوە، وتم ئەو برادەرانە لە دەستەی دامەزرێنەرەوە بیگرە تا ئاخیریان لەکۆمەڵە، هەموو موعجیب بوون بەشەخی مام جەلال، هەڵبەت ئەوەش هەلێکی باشبووە بۆ مام جەلال کە چۆنی بوێ وابکات.

**رزگار رەزا چوچانی: کەوایە تۆ ئەڵێی نەوشیروان مستەفا بە ڕاسپارەی تاڵەبانی بەرپرسیارەتی کۆمەڵەی وەرگرت؟.**

عارف کەریم : من ئاگاداری وردەکارییەکان نیم لەوێ نەبووم، کە لەکۆنفرانس بوو یان چی، یان ئایا کۆنفراسەکە چۆن بووە، بەڵام بێگومان ویستی تاڵەبانی بووە، چونکە کاک نەوشیروان دەستێکی باڵای هەبوو لەناوی یەکێتی.

**رزگار رەزا چوچانی: دوای ئەوە نەوشیروان مستەفا بووە سکرتێری کۆمەڵەو وەک دەڵێن قۆناغی خەبات گۆڕا، کۆمەڵە حەلکرا. بەڕای تۆ زەرورەتی حەکردنی کۆمەڵە چی بوو؟**

عارف کەریم : ئەگەر کۆمەڵە حەلبکرایەو حەلنەکرایە، هەر ببووە موڵکی یەکێتی خۆی، بەڵام لە هەشتاکاندا کۆمەڵە هێزێکی دیارو بەرچاوو بووە، رەنگە یەکێتی لەو هێزە ترسابێت، کە رۆژێک لەرۆژان لەدەستی دەربچێت و نەتوانی کۆنترۆڵی بکات، کە دەڵێم یەکێتی بەمام جەلال و کاک نەشیروانیشەوە، ئەگەر کاک نەوشیروانیش یەکێک لەوان نەبووە، بۆچی ئەو تەسلیمی ئەو خەتە بوو کە لەگەڵ حەلکردنی کۆمەڵەبووە، بێگومان خۆشی یەکێک لەوان بووە، بەڵام رەنگە ئیستا پەشیمان بێت و بڵێ کارێکی خراپمان کرد.

رزگار رەزا چوچانی: تۆش ئەمە بەتەسلیم بوونی کاک نەوشیروان ئەزانی بە ویستی مام جەلال؟.

عارف کەریم : هەندێ وشە هەیە لە ئەدەبیاتی سیاسیدا بۆ زۆر مەبەست بەکار دێت، بۆیە باشتروایە بڵێن کاک نەوشیروان لەژێرکاریگەری شەخسی مام جەلالدا بووە، مام جەلال کاریگەری هەبووە لەسەر کاک نەوشیروان، معادەلەی سیاسی حەلکردنی کۆمەڵە لێرەوە دەستپێکردووە.

رزگار رەزا چوچانی: تۆ یەکێک لەوانەی کە کۆمەڵە بە تەنزیمێکی مۆدێرنتر لەحزبەکانی ئەو سەردەمە ئەزانی، ئەگەر حزبێکی جیاواز بووە، هۆی چییە کاتێک بەشێک لە سەرکردەکانی ئەیانەوێ تەنزیمێکی تر دروست بکەن، بڕیاری کوشتنەیان لەدژ دەدات و دەستگیریان دەکات؟.

عارف کەریم : کۆمەڵە رێخکراوێکی چەپ بوو، بڕوای بەخەباتێکی کوردستانی هەبوو، بۆ ئەوە دروست بوو کە خەباتی چەپڕەوانە بکات لەکوردستاندا، ئامانجی باشی هەبوو، کە ئەگەر بەدیهاتانایە، بێگومان جیاوازتر دەبوو لە حزبەکانی تر، لەسەرەتاش باسم کرد ئەو بڕوای بە هاوپەیمانی هەبوو لەگەڵ پارتیش، نەک تەنها خۆی هەبێت، دیارە هەموو گروپێکیش بێ کێشە نابن، بەڵام چارەنوسی کۆمەڵە وای لێهات کە لێی هات.

رزگار رەزا چوچانی: کەوایە پێت وایە، کە کۆمەڵە ویستی خەباتێکی چەپڕەوانەو تاکڕەوانەی نەبووە، ئەی ئەگەر نا، بۆ ئەو کێشەیە روویدا کەلەپرسیاری پێشوو باسمکرد؟.

**عارف کەریم :** ئەتوانم بڵێم لە دوایدا ئەو برادەرانە نەیانتوانی درێژە بەو خەباتە بدەن کە دەبوو بیدەن، یان کار بۆ ئامانجەکانی کۆمەڵە بکەن، نەیانتوانی و کەتونە ژێر کاریگەری ئەم سەرکردەو ئەو سەرکردە، کۆتاییەکەشی بەوە هات، کەسەری خۆی خواردو میراتەکەی بۆ یەکێتی مایەوە، ئەو ململانێیانەش کە لەنیوان ئەو برادەرانەو برادەرانی ئاڵای شۆڕشدا روویدا، پەیوەندی بە بیرباوەڕ و فکری کۆمەڵەوە نەبووە، ئەوە سیراعی شەخسی بوون، ململانێی تاک بووە لەگەڵ تاکدا، ئەو برادەرانەی کە ئاڵای شۆڕشیان درستکرد، مەبەستیان ئەوەبوو دەسەڵاتیان لەناو یەکێتی دا هەبێت، چونکە دەسەڵاتیان نەمابوو ، ئەگەرێ ئەوەش وەک بەڵگە باس بکەین کە مەسەلە شەڕی شەخسی بووە بۆ گەشیتنە دەسەڵات، دوای ئەو هەموو رووبەڕووبونەوەی یەکتر و بڕیار لەدژی یەک و زیندانکردنی یەکترە، هەموویان هەر وەک یەکێتی مانەوەو بوونەوە بەیەکێتی.

**رزگار رەزا چوچانی: تۆ لە کۆتایی ساڵی ٧٦ وازت لەحزبایەتی هێنا، وات باسکردووە بەهۆی ئەوە کە پەلامار دراوی لەسەر بیروباوەڕی ئازاد، ئەم پەلاماردانە لەلایەن کێ وە؟ بۆچی؟، لەکاتێکدا ئەوکات تۆ لەناو یەکێتی بووی؟.**

**عارف کەریم :** مەبەست لە پەلاماردان ئەوە نییە کە خەڵک یەخەی منیان گرتبێت و لێیاندابم، من هەندێ بیروڕای ئاشکرام هەبوو، بەرلەوەی بچمە شام و بچمە ناو یەکێتی، ئەوکاتیش کە کۆمەڵە بووم من بڕوایەکی جیاوازم هەبوو، کە بڕوام بەوە هەبوو، ئێمە تەنزیمێکی نوێمان ئەوێ کە لەدەرەوەی مەلایی و جەلالی بێت،سەرکردایەتییەکەی سەرکرداتییەکی بە کۆمەڵ بێت دوور لەو سەریەشەو سیراع و خوێن رشتن و کێشەی کە هەبوو، بەم گیانەوە بوو چوومە ناو یەکێتی لەشام، کە پێشتر لەوەڵامی پرسیارێک باسم کرد. کەچوومە سوریا وەک بەشێک لەناچاری چوومە ناو یەکێتی، بەڵام کە چوومە ناو یەکێتیش وازم لەبڕوای خۆم نەهێنابوو، زۆر بەتوندی دژی شەڕی خۆکوژی و کورد کوژی بووم، یەکێک بووم لەوانەی محازەرەم ئەدا بە پێشمەرگەکانی قامشلۆ، ئەوانەی کە خۆیان ئامادەکردبوو بگەڕێنەوە بۆ کوردستان، یەکێک لەوشتانەی لەوێش باسم ئەکرد ئەوەبوو، کە ئەموت ئەبێ بەتوندی لەدژی جەلالی و مەلایی بین، دژایەتی بەمانای دژایەتی شەخسی نا، یان دژایەتی حزبی نا، من لەدژی شەڕی حزبایەتی بووم و هیچ شتێکی

شەخسیم بەرانبەر شەخی مام جەلال و کاک مەسعود نەبووە، هەڵبەت سەرکردایەتی یەکێتیش هەندێ شتیان بەلاوە قبوڵ نەبوو، بۆیە پەلامارەکان لەوێوە دەستی پێکرد، سەرکردایەتی یەکێتی کە تازە دروستببوو ئەیویست خۆی هەموو شتێک بێت، هەرکەس و رێکخراوێکیش لەسێبەری ئەودا ئیش ئەکات رازی بێت بە بەمەرجەکانی ئەو، منیش رازی نەبووم و پەلاماردانم دەستپێیکرد، بەڵام پەلامار بەمانای پەلاماری شەڕو لێدان نا، نامەوێ بچمە ناو ئەو وردەکارییەوە.

**رزگار رەزا چوچانی: لە ساڵی ٩٧٣ لە هەڵسەنگاندنێکی خۆت لەسەر حزبەکان بۆ کۆمەڵە ئەنوسیت، پارتی لەبەرەی میللەتن و نابێ لەخانەی دوژمندا حسابیان بۆ بکرێت، ئەڵێی ئەندامانی کۆمەڵەش هەموو ئەو ڕاو بۆچوونەیان هەبووە بەرانبەر پارتی، بەڵام هەر ئەو ئەندامانەی کۆمەڵە ئەنجام بوونە بەشێک لەبەرەی شەڕ لەگەڵ پارتی. بۆچی وایان لێهات؟.**

عارف کەریم : کۆمەڵە لەسەرەتای دروستبونیەوە تا ئەو کاتەش کەچۆتە شاخ، بڕوای وابووە کە پارتی و بارزانی، ناکۆکی سەرەکی نین بۆ ئەو، بەمانای ئەوەی نابێ دوژمنایەتی لەگەڵ بکەیت، ئەبێ لێی نزیک بیتەوە و دۆستایەتی بکەیت، ئەمە رەئی کۆمەڵە بووە، رای من و هەموو ئەو برادەرانە بووە کە وەختی خۆی کاریان ئەکرد لەریزەکانی کۆمەڵە، بەڵام دواتر کە یەکێتی و کۆمەڵە ئەچنە شاخ و خەڵک کۆ ئەکەنەوەو لەولاوە قیادە موەقەتە دروست ئەبێت و ناکۆکییەکان توند ئەبێت و دەتەقێتەوە، کۆمەڵەش وەک بەشێک لەیەکێتی تێکەڵی ئەو ململانێیە دەبێت، ئەمە بەمانی ئەوە نییە مادام دوێنێ بڕوایان وابوو، ئەوەی کردیان سەلمێنەری ناراستگۆیی ئەو بڕوایە بووە، وەرە یەک حزبی کوردستانیم بۆ بدۆزەرەوە، خوێنی نە رشتبێت، خەڵکی نەدابێت بەکوشت، هەموو حزبەکوردستانیەکان نەک هەرپارتی و یەکێتی، هەموو ئەوانی تریش بەدرێژایی چەندین ساڵ لەشەڕدا بوون، لەپێناو بەرژەوەندی شەخسی و خیلافاتی شەخسی و شتی هیچ و لابەلا، من بڕوام بەو شتانە نەبوو، بەداخەوە ئەوانی کۆمەڵەش تێوەگلان لەو شەڕانە، کەئەبوو تێوەنەگلانایەو نەیانکردایە.

**رزگار رەزا چوچانی: لە یەکێک لەکتێبەکانت دەڵێی، یەکەم پەیوەندی کوردو ئێران باڵی مەکتەبی سیاسی دروستیان کرد بەبێ ئاگاداری بارزانی، دواتریش ئەوان لە ئێرانەوە چەک و تەقەمەنیان پێدەگات، ئایا پێت وانییە ئەوکاتیش ئێران یەکێک لەهۆکارو هاندەرەکانی شەڕی ناوخۆبووە؟.**

عارف کەریم : مەکتەبی سیاسی کە لەشاخ بوو دەورێکی باڵای هەبوو لەناو شۆڕشدا تاساڵی ٦٤، لەوکاتەدا کە دەوریان هەبوو ئەوە راستییە کە مەکتەبی سیاسی زۆر شتیان کردووە مەلا مستەفا بارزانی زۆر درەنگ پێی زانیووە یان پێی نەزانیوە، ئەم کارانەی مەکتەبی سیاسیش بوو وایکرد ناکۆکی و ململانێکانی نێوان مەلا مستەفا بارزانی و مەکتەبی سیاسی بتەقێتەوەو پارتی ببێت بەدووبەشەوە، ئەوان ئەیانویست مەلا مستەفا گۆشەگیر بکەن و لەهەموو بڕیارەکانی مەکتەبی سیاسی بارزانیان ئاگادار نەدەکرد و هەر خۆیان خاوەنی بریار بوون، بۆیە کێشەکە تەقیەوەو هەردولا سەرکردایەتی بۆخۆی دروستکرد، بارزانیش ئەوانی کرد بە دیوی ئێراندا، ئەکید ئێرانیش لەونێوانە دەرفەتی بۆ دروستبووە کاری خۆی بکات، بێگومان ئێران بووە یەکێک لەهۆکارەکانی گەورەتربوونی شەڕوکێشەکە، من بڕوام بەوە نییە رۆژێک لەڕۆژان ئێران و دەوڵەتە ئیقلیمییەکان بیریان لەسەرخستنی شۆڕشی کورد کردبێتەوە لەباشوور، یان لەسەر ئەو ئەساسە هاوکاری بەرەیەکی کوردی بکەن.

**رزگار رەزا چوچانی: وتت ئەوان بارزانیان لەبڕیارەکانی مەکتەبی سیاسی گۆشەگیر کردبوو، ئەگەر ئەوان ئەوەندە بەهێزتر بوون لەبارزانی، بۆچی دواتر گەڕانەوە ژێر سێبەری بارزانی و لە پرۆژەکەیان شکستیان هێنا؟.**

عارف کەریم : بارزانی پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ فەرماندەکانی شۆڕش و ئەفسەرانی پۆلیسدا هەبوو، ئەوانیش لە زۆربەی ناوچەکاندا خاوەن دەسەڵات بوون، بە پێچەوانەی واقیعەکەش باڵی مەکتەبی سیاسی لەلایەن کادیرەکانیەوە راپۆرتی بۆ ئەهات، کە میللەت و جەماوەر هەموو لەگەڵ حزبەو دژی مەلامستەفان، بەڵام راپۆرتەکانی ئەوان ناواقیعی بوون بارزانی لەوە تێگەشتبوو کە خەڵک ماندووە خەڵک برسییە، بێتاقەت بووە لەکێشەو ململانێکان، بۆیە بارزانی لەگەڵ حکومەتدا رێککەوت،

بەیانێکیان دەرکرد و شەڕیان ڕاوەستان، مەکتەبی سیاسیش بە پشت بەستن بەو ڕاپۆرتانەی کادیرەکانیان بەیانێکیان لەدژی مەلا مستەفا دەرکرد بەرانبەر بەو شەڕ ڕاگرتنە، لەوێوە خیلافەکان گەورەتر بوون، بەڵام خەڵک ماندوو بوو دیارە کۆتا هاتنی شەڕیان پێباشتربوو بۆیە لەگەڵ بارزانی بوون و دیسان فەرماندەکانیش لەگەڵ ئەوبوون، ئەوە یەکێک لەهۆکارەکانی سەرکەوتنیەتی بەرانبەر مەکتەبی سیاسی.

**رزگار رەزا چوچانی: خوێندنەوەت چییە بۆ هەڵوێستی مەکتەبی سیاسی لەو باردۆخەدا؟.**

عارف کەریم : مەکتەبی سیاسی نە ئەبوو ئەو کارەی بکردایە لەگەڵ بارزانیدا، ئەبوو خۆیان نزیک بخستایەتەوە لەبارزانی بۆ ئەوەی کارەکان بەباشی بڕوات و کورد لەو کێشەو شەڕە ڕزگاری ببوایە و رزگاری بەدەستهێنایە، مەکتەبی سیاسی لەحاڵەتێکی نیمچە غرودابوو لەبەرانبەر مەلا مستەفا، وا تێگەشتبوون ئەتوانن هەموو شت بکەن بەرانبەری، وا تێگەشتبوون ئەتوانن مەلا مستەفا بارزانی گۆشەگیر بکەن، یانی ئەیانویست بارزانی وەکو شتێکی رەمزی بێت، کەی ویستیان مەرحەبایەکی بکەن و بچن بەلایا، کەی نەیانویست بۆخۆی دابنیشێت و هەقی ئەمانی نەبێت، بەڵام بۆیان نەچووە سەرو ئەو بیرکردنەوەیان ئەو کێشەیەی بەدوای خۆیدا هێنا کە لەمەسڵحی کورد نەبوو.

**رزگار رەزا چوچانی: لەباسکردنی باڵی مەکتەبی سیاسیدا ئێستا باسی غرووری ئەوانت کرد، لە کتێبەشدا دەڵێی، ئەوانەی سلێمانی وەک ئەندام لق و ناوچەکان واتە سەربەباڵی مەکتەبی سیاسی، کاتێک لە پارتی جیابونەوە، لوتبەرزو لەخۆبایی و شەڕانی بوون، ئەبێ هەر ئەو لوتبەرزی و لەخۆباییبوونە نەبوبێت بەشێک لەرۆحیەتی جیابونەوەکەی دروستکردبێت؟.**

عارف کەریم : ئەو لوتبەرزییەی مەکتەبی سیاسی نەک هەر هۆکاری جیابونەوەکە بوو، ئەسڵەن کێشەی گەورەی لەگەڵ خۆی هێنا، وایکرد خەڵک بەشێوەیەکی نا دروست بیربکەنەوە، خەڵک توشی ناکۆکی و کێشەو دووبەرەکی و کاری خراپ بکەن.

رزگار رەزا چوچانی: لەکتێبەکەتدا ئەڵێی، دیراسەیەکم نوسی بەناوی شۆڕشی نوێی گەل، شەهید ئارام بەناوی هۆشیارەوە لە رۆژنامەی هاوکاری بڵاوی کردەوە، ئەڵێی لەوکات دوو لەبرادەرانی مام جەلال سەرجادەیان پێگرتم وتیان ئێستا کاتی ئەو جۆرە نوسینانە نییە، منیش پێم وتوون ئاخر من لە بەکرەجۆ بەدەم هەڵوەشاندنی گیپەوە فێری نەبووم.

مەبەستت چی بوو لەهەڵوەشاندنی گیپە؟ بۆ ئەوان لە بەکرەجۆ فێری بوون؟.

عارف کەریم : ئەوکات مام جەلال بارەگاکەی لە بەکرەجۆ بوو، لق و ناوچەی سلێمانیش لە سلێمانی بوون، هاتۆچۆی زۆر بۆلای مام جەلال هەبوو، مام جەلال خەڵکی کۆ ئەکردەوەو هەندێ جار لەشێوەی محازەرە، لەو کۆ بونەوانەش خواردنی تیا بوو، لەو خواردنانەشدا گیپەی تیا هەڵوەشاوەتەوەو تیای بووە، ئەوە کەوامگوتووە وەکو تەعلیقی من بوو بۆ ئەو برادەرانە، کە کاتی بڵاوکردنەوەی بابەتەکەی منیان بە شیاو نە ئەزانی و لە سەرجادە ئەوەیان بە من وت، منیش بۆیە وتم ئێوە لە گیپە هەڵوەشاندنەوە لە بەکرەجۆ فێری ئەمە بوون، یانی رەنگە ویستبێتم پێیان بڵێم من جیاواز لە ئێوە بیر ئەکەمەوە.